# یەکەمین پیشانگای نێو دەوڵەتی لە هەولێر

## ئەحمەد دەشتی

ئەمڕۆ کە باشوری کوردستان لە گەل هەموو کەم و کوڕیەکان و گەلێ لە گەندەلیەکانی کە لە دوای وەدی هاتنی ناوچەیەکی ئازاد و ڕەهای گەلی کورد لە باشوری کوردستانەوە وەدی دەکرێت،کە زۆریشیان جێگەی نگەرانین و دوژمنانی گەلی کورد هەمیشـــــە نان و ئاو بە ڕوداوی تاڵ و ناخۆشـــیەکان و گەندەلی کردن



دەخۆن لە گەلی لە کەنالەکانەوە بە زەقی نیشان دەدرێن کە ئاوا کاری ناڕەوا و یاری کردن بە سامان و داریی گەلی کوردستان دەبیندرێت ، کە دەبینین ئەمەش بووەتە ئامرازێکی پڕ لە ژەهرو سیمایەکی زشتی ئەم دەڤەرەو وەک دیاردەیەکی زۆر ناشرین و ناڕەوا لە ناو هەستی دوژمنانی کوردەوە دیارە و گەلی بابەت لەم بارەوە دەگوترێ و دەنوسرێت نەک  بۆ چارە سەری کردن بەلکو بۆ  نیشان دان و سوک کردنی گەلی کورد هەولی بۆ دەدرێت، بەو مەبەستەوە کە گەلی کوردو ئەو هەلە پیرۆزە و سیمای  کوردی پی سوک بکەن و هەروەک خەسلەتی مێژوویی دوژمان و داگیرکەرانی کوردستان بە درێژایی میژوو لەم هەول و ڕەفتارانەیان دا هەرگیز نەوەستاون و کەم تەرخەمیان نەکردووە و هەمیسە مەرامە گڵاوەکانی خۆیان بە خەیالی خۆیان لەو بوارەوە پێ بەهێز بکەن و گەلی کوردیش پێ سوک بکەن!!بەڵام خایاڵیان خاوە کە گەلی کوردو خەبات و تێکۆشانی ئەم گەلە بەشخوراوە و هەستی پاکێ دڵسۆزانی کورد  هەرگیز بە نیشان دانی ئەو ناڕەواییانەی کە نەک بۆ چارەسەری کردنیان دەگوترێت و نیشان دەدرێت بەلکو بۆ زیتر کاول کردن و لە ناو بردنی هەموو هیواو ئاواتەکانی گەلی کوردە بەڵام ئەوان دوژمنانە هەرگیز نکارن کە بە ئاواتیان  بگەن،ئەگەر چاوێک بە ژیانی گەلانی پێشکەوتوو و ئازادو سالها خاوەن کیان و وەڵاتێکی سەربەخۆشیان بگێڕین و میژووی کۆنیان بخوێنینەوە هەتا ئەمڕۆش دەیان بینین لەگەل پێشکەوتنی ساڵها بوونی وەڵات و قەوارەی میللیان و پڕ لە جوانیو ڕازاوەیی نیشتامانیان دوور نین لە گەلێ لە گەندەلیەکانی ئیداریان و خەلکانێ هەن لە ناو گەلی لە دەزگاو شوێنی کار کردن دا لەم وەڵاتەنەش کە کاری

گەندەلی و ناڕەواکانیان ئەنجام دەدەن ، ئەم هاکارو ڕەوشە لە ناو گەلێ لە وەڵاتانی جیهانی و دراوسێش دا دیاردەیەکی ئاشکرایە و تەنانەت بووە بە خەسلەتیش لە زۆر وەڵاتانەوە.

گەلی کوردی ستەمدیدە و لەوەتی کە هەیە لە ژێر چنگی دوژمنانی دڕندەو ڕەوش ناپاک و داگیرکەرو مرۆ کوژ و جەردە و دزانی دیرۆکی کوردستان ژیانێکی پڕ لە چەرمە سەرێی بردۆتە سەرو خاک لێ لەت لەت و دا بەش کراوە و لە هەموو مافێکی ژیان و ئازادی و ڕەهایی و بێ بەش کراوە،زۆر لەمێژە کە بڵاو بوونەوەی کەلتورێکی تەژی لە خەراپەو خەراپەکاری بڵاو کراوەتەوە مێشکی گەلێ لە کەسان و مرۆڤی کوردی پێ شوراوەتەوە و گەلی لە گەندەلیەکانی کۆمەلایەتی و ژیانی ڕۆژانەی هەر مرۆڤێکی کورد لە ژێر سایەی ئەو دوژمنە داگیرکەر و دڕندانەی مێژوو دا کە ڕژێمە یەک لە دوا یەکەکانی زال بوو بە سەر هەست و نست و خواستی گەلی کوردستان دا توانیویانە کە ئەم گەلە کوردە ئاوا ڕابێنن و گەلێ لە مرۆڤی کورد فێربکەن کە هەمیشە چی خەراپە ئاوا بۆ خۆمان وابن و گەلێ جاران گوێرەایەلی دوژمنانی داگیرکەرو دڕندەش بکرێت،هەروەکو نەمرو کە زۆر جاران وەدی دەکرێت . مامۆستای مەزنی کورد هەژاری موکریانی لە شیعری بە سەرهاتەکەم دا گەلی ڕاستو دڵسۆزانەو کوردانە خەسلەتەکانی خەراپی کورد باس دەکات و ڕاستگۆیانە دەفەرموێت ودەلێت :

بناغەی زەندو ئاوێستا لە سەر پەنجەی من ڕاوێســـــتا
ئەوسا بوو یۆنان و ئاشۆر ناویان لێنام کوردی خاوەن زۆر
بەڵام ڕۆژێ گەردوونی دوون هەلی داشتم سەرەو نخون
وشتری پێ پان پێی لێنام زەرروە رەشکە دەمیان تێ نام
پەردەی ڕەشیان بە سەر دادام کەس نەیزانی مردم یان مام
گوتیان کوری جندو دێوی چەتەی دزی ســـــــــەر بزێوی
حەڵالە ناموس و خوێنت بۆ ئێمەیە جێگەو شـــــــــوێنت
لێم حەڕابوو حەلالی خۆم بوومە غەریب لە ماڵی خۆم
سەدان ساڵە هەتا ئەمڕۆ من ماڵ وێران ومن ڕەنجەڕۆ
دیوەخانم بەرباد کرا تەکیەی لە جێ بونیاد نرا
بژیوو سامانیان بردم فێڕی مار گرتنیان کردم
چوم لە مزگەوتان بخوێنم بەڕەی خۆم لە ئاو دەرێنم
پێیان گوتم قەزاو قەدەر نابێ لە نەگبەت بچیە دەر
بۆت نوسرا دیل و لە ژێر بی دەبێ شوکرانە بژێر بی

هەژاری نەمرو دڵبریندارو پڕ ئازاری گەلە هەژارەکەی کوردانە و مەردانە و دڵسۆزانە بۆ گەل و نیشتمانی خۆی دەبێژێ و لە م هۆزانەی مەزنەی دا ڕاستیەکان نیشان دەداو زۆر بە ڕاشکاوی دەفەرموی و دەڵێت :

چووم مەکتەب خێری گیانم بەلکو دەستکەوی دەرمانم
لەوێش مامۆســـتا دوژمن بوو چاوی لە خوارنی من بوو
فێر بووم کەس دۆستی کەس نیە تا خۆ پەرست بی بەس نیە

**براو دراوســـــێ هاو ماڵت باب و دایک و مام کەس و خاڵت**
**گشت بە قڕۆشی بفرۆشە قەت بۆ کۆمەل تێ مەکۆشە**
**ئەگەر بڵێی کوردم پەستی بەلایە رەگەز پەرستی**
**نۆکەری بێگانە کردن بەشی کوردە هەتا مردن**
**ئازا د بوونی نیشتمانت بدە بە دراو بۆ گیرفانت**
**قاپە ئارەقێک لە نادی بە تام ترە لە ئازادی**

**بەڵێ لێرەدا هەژاری نەمر ڕاستیەکان لەم هۆزانە هەردەم زیندووەیدا باس دەکات و ئەگەر دڵسۆزانەو کوردانە و ڕاست گۆیانە شێی بکەینەوە بۆمان دەر دەکەوێت کە دوژمنانی کوردو کوردستان چیان وەسەر گەلی کورد هناوە و چۆن ئاوا کەلتورێکی پڕ لە جنایەت و نامرۆڤایەتیان بە سەر هەست و بیرو خەلکی کورد لە کوردستان دا سەپاندووەوەو لە هەموو لایەکەوە بەوپەری دڕندەیی و ناپاکی و ماڵ وێرانی لە گشت کەنالەکانیان دژ بە گەلی کورد هەولیان داوە و هەتا ئەمڕۆش دەبینین کە جنایەت و کارو کردەوەکانی دوژمنانی کورد تەنیا بۆ لە ناو بردن و سوک کردن و وێران کردنی مال و خاک و هەستی گەلی کوردە و ئێستاش لە هیچ جنایەت و نارەوایی و دروست کردن و هێرش و پەلاماردان بۆ نائارامی نەوەستاون و گیانی دژ بە یەکتر و خولقانی هەموو ناڕەواییەک لە سەر خاکی کوردستان دا تیختیخەی نۆکەرانیان دەدەن و ئاوات و مەبەسی دوژمنایەتی گەلی کورد دەکەن و ئەمەشیان تەنیا بۆ پەرێشانی وماڵ وێرانی کوردو کوردستانە و ئێستاش لە زۆر کەنالەوە و لە ڕێگەی پیاو خەراپان و هەست گلاوان وادێنە مەیدان و تا دەسەلات و بۆیان بلوێت هەرگیز دژ بە کوردو کوردستان درێغی ناکەن،ئەگەر ئاوڕێک و چاوێک بە گەلێ نوسین و هەستی خەرپکاران بخشێنین دەبینین کە ئەو هەستە گلاوەی کە مەبەستی دوژمنانە وەک هەژاری نەمر لە هۆزانەکەی دا باسی لێوە دەکات ئەوا ئێستاش هەر باوەو تابووری پێنجەم هەر لە مەیدانە و هەمان مەبەست و هاکاری ماناکانی هۆزانە مەزنەکەی هەژاریان هەیە،خۆ من هەرگیز ناڵیم کە گەندەلی و خەراپەو ناڕەوایی کردن نیە .بەلام قەت و قەت ڕشتنی خوێنی هەزاران هەزار شەهیدان و خەباتی گەورە مەردان و تێکۆشان وڕەوش وهاکارو رامانی دڵسۆزان و کوردپەروەران و ئەوانەی کە هۆکاری وەدی هینانی ئەم هەلە پیرۆزە بوینە هەرگیز لە پیناوی دروست بوونی گەندەلێ و دزی و جەردەیی و خەرپکاری نەبوە،بەلام وەک کورد گوتەنی چەم بێ چەقەڵ نابێت و ئەوەی کە ئەمڕۆش ئەرکی سەر شانی دڵسۆزانی کوردو کوردستانە دەبێ بە هەموو هەست و بیرو خامە رەنگینەکانیان لە ڕێگەی چارەسەری و هەولی لە ناو بردنی گەندەلی و چەسپاندنی سەرکەوتنەکانی کوردو کوردستان بێت و رەخنەو پیشنیارو هێماکانی گوتن و نوسین بۆ نیشان دانی گەندەلیەکان و چارەسەری و دۆزینەوەی ڕێگای سەرکەوتن و دوور بونەوە لە هەلەکان و ناڕەواییەکان و یاری نەکردن بە پیرۆزیەکانی کوردو کوردستان بێت و دڵسۆزانەو مەردانە و کوردانە هەموو مەبەستێکمان بۆ سەرکەوتنەکان بێت و کە خەراپەکان دەبینین کارە دروست و باش و پێشکەوتوەکان و خزمەتگوزاریەکانیش ببینین و بە گیان و بە دڵ هێمای سەرکەوتنیان بۆ بکەین.**

ئەمرۆ لە گەل هەموو کەم و کوڕیەکانیش دا وا هەولی سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانیش لە ئارا دایە و ئەگەر بڕوانینە کوردستانی سالها ویران و خاپور کراو بە دەستی گەورەتین جنایەتکارانی دژ بە کوردو کوردستان دەبینی ئاوەدانی و جوان کردن و هەستی یەکبوون و دژ بە دوژمنانی کورد پەرەی پی دەدرێت و هیچ نەبێ ئەمرۆ وا بە یەک دەنگی کورد لە هەموو کێشەکانی سەرەکی و رەوای خۆی دا یەک دەگرێتەوە و بە یەک دەنگەوە زۆرینەی هەرە زۆری کورد وا لە خزمەت کوردو کوردستانە و کوردیش دەڵێت کەس لە پڕێ نابێت بەکوڕێ و بەڵام ڕۆژی دێت کە گەندەلکاران و نادڵسۆزان و خائینان و ئەوانەی کە یاری بە سامان و دارایی گەل و نیشتمانی کورد دەکەن تەنیا بیریان لای مال وێرانتر کردن و سەر نەکەوتنی گەلی کوردە بۆیان نەچیتە سەرو ڕۆژی دێت هەر ڕیسوا دەبن.

ئەمرۆ کە منی دوورە وەڵات و سالها ئاورە و دەربەدەر چاوم بریبووە سیمای کوردستان و لە کەی تیڤیم دەڕوانی و هەوالی کردنەوەی پێشەنگای نێو دەولەتیم بینی کە بۆ یەکەم جارە لە مێژووی کوردستان دا پیشەنگایەکی ئاوا لە شارەکەم لە هەولیرە دیرینەکەم دەکرێتەوە بە ڕاستی دڵم پیی شاد بوو چونکە ئەمە نیشانەی بەرەو شارستانیەت وپێشکەوتن و هەولی هەرچی جوانتر کردنی کوردستانە و پیشانگای نێو دەولەتی بۆ بینینی شارستانیەت و تەکنەلۆژیاو وەدی هیانی وەڵاتیکی سەربەخۆ و پڕ لە تەکنەلۆژیای تازە و پڕ لە ئازادی و رەهایی جولاندنی هەستی خەبات و هەولی خۆ پی گەیاندن بەو هەموو شارستانیەتەی کە لەو پیشانگایەدا وەدی دەکرێت و کارێکی زۆر پیرۆزە، منیش وەک کووردێک هەمیشە ئاواتم تەنیا و تەنیا سەرکەوتن و سەربەرزی گەلی کوردە کەهەموو کوردێک دڵسۆزانەو ژیرانە و پاک دامەنانە تەنیا لەڕێگەی کوردو کوردستان دا هەموو هەول و ڕامان و بۆچونەکانی خۆی پێشکەش بە خاکی خۆی بکات و هەولی لە ناو بردنی هەموو گەندەلی و نارەوایی و دزی و جەردەیی و خیانەت کردن لە سامان و سەروەتی گەلی کورد بدات و بە یەک دل و بە هەستی پاکەوە چارەسەری بۆ نارەوایی کردنەکان و گەندەلیەکان بدۆزینەوە و هەموو ڕەخنەکانمان لە پێناوی دروست کردن بێت نەک بۆ تێک دان و ئاژاوە نانەوە،خۆ لە ئاکامیش دا سەرکەوتن هەر بۆ دڵسۆزان و کوردپەروەرانە،چەند ساڵ لەمەو بەر لە کاتیکدا لە بەرلین لە گەلە چەند هەڤالان جوین بۆ بینی پیشانگایەتی نێو دەولەتی و لەوی چەند وینەیەکم گرت و بە وێنەوە وتارێکیشم نوسی کە ئاواتم بەوە خواستوە کە ڕۆژی بێت ئاوا لە سرە دیرینەکەی من لە پایتەختی کوردستان دا پێشانگانی نیو دەولەتی بکهرێتەوە و ڕۆلەکانی گەلی کورد لە نەزیکەوە چاویان بە پێسکەوتن و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای گەلانی تر کەوێت و کوردیش فێر بێت و هەولی هەرچی وەپێشکەوتوتر و جونتر کردنی کوردستانی خۆی تی بکۆشێت و ڕۆژێ بێت تەکنیک و تەکنەلۆژیای کوردستانی خۆی لەو جورە پحشانگایانەدا لە تەواوی جیهان بەشداری بکات و ئەمرۆ کە بە ئاواتی کردنەوەی پێشانگایەکی ئاوا لە هەولیر دڵم شاد بوو و هیواییکم وەدی هات و لە هەولێر پیشانگای نێو دەولەتی کرایەوە و ئەمەش خۆی نیشانەی ئارامی و پێشکەوتنی کوردستانە و پیرز بێت .16.9.2005